# سواره، گێڕانەوەیەک لە مۆدێرنیزم

**هادی حەبیبی**
**(بۆکان)**

**(١ - ٢)**

هەموو ئاسەوارێکی پێوەندیدار لەگەڵ خەیاڵ بە تەرزێکی ناخودئاگا، پڕ کردنەوەی بۆشاییەک لە نهێنییەکانی دەروونیی مرۆڤی، لە پلەی یەکەمی گرنگایەتی داناوە، ئەگەرچی دواتر هەرکامەی لەو بەرهەمانە، وەک ژانرێکی سەربەخۆ سەیر کراون و بوونەتە بزاڤێکی هونەری و بنچینەیەکیان لە سامانی فیکری و فەرهەنگی جەماوەری خۆیان پێکهێناوە، لە سەرجەمی هونەرەکاندا ئەدەبیات و لە نێو ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبیاتیشدا، شیعر خاوەنی پێشینەیەکی پڕشنگدارە کە بە جیلوەی هونەریی خۆی، لە لایەک بەردەوام ڕوح و هەست و لە لایەکی دیکەشەوە، مێشک و هزری مرۆڤی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، شیعر زۆرجار تابلۆیەکی دراماتیک لە ژیانی تایبەتی شاعیرەکەیەتی و زۆرجاریش هەمان شیعر، لە جەغزێکی بەرفراوانتردا، ئاوێنەیەک لە مێژووی خەڵکە کە ڕەهەندگەلی جۆراوجۆری ژیانی کۆمەڵایەتی، تێیدا ڕەنگ دەداتەوە، هەڵبەت ئەوەی کە لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانی نوێ، دێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئەوەیە کە شیعر بە سەرنجدان بەوەی کە بوونێکی بەرچاوی (عيني) هەیە و لە پێش چاوە، بەو پێیەش ڕەخنەگر بۆی هەیە ڕێک شیعر لە ڕوانگەیەکی تەواو بەرچاو و ڕواڵەتیدا هەڵبسەنگێنێ، ئەم بۆچوونە جەخت لە سەر خودی شیعر (وەک بەرهەمی ئەدەبی) دەکات و لەگەڵ لێکۆڵینەوەی بابەتگەلی پەراوێزیی وەک هەست و بڕوا و مەبەستگەلی شاعیر، یان نووسەردا نییە، ڕەخنەی فۆرمالیستی، یان با بڵێین تاقمی لایەنگری سەرنجدان بە خودی دەق، بزاڤێکی ئەدەبییە کە لە دەیەی ١٩٤٠ی زایینیدا بە ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی دەگات و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، پسپۆڕ و ڕەخنەنووسانی ئەمریکی و ئینگلیزی پێوەی سەرقاڵ دەبن، بەڵام ئەوەی کە لە سەرەتای نووسینەکەمدا، باسی ڕەخنەی فۆرمالیستیم هێناوەتە ئاراوە، دەمەوێ بڵێم کە بیر کردنەوە بەم شێوازە، لایەنێکی فیکری بەهێز و لە هەمان کاتیشدا لایەنێکی لاوازی لە خۆ گرتووە.

وەرسووڕانی سەرنجی ڕەخنەگر لە واتا، یان مەبەستی (شاعیر)-ەوە بۆ (شیعر)، لایەنێکی بەهێزە کە تا ڕادەیەکی زۆر لە تیوری شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزی (تی.ئێس.ئیلیەت)ەوە سەرچاوە دەگرێ، ئیلیەت بەو پێش گریمانەیەوە بۆچوونی فۆرمالیستەکان پشت ڕاست دەکاتەوە کە شیعر لە ڕوانگەی ئەودا پێشاندەری کەسایەتی، یان ئیلهام و هەستی کەسیی شاعیرەکەی نییە، بەڵکو ڕاستییەکەی شێوازێک لە زمانە کە هەست و سۆزی گشتیی و هاوبەشی هەموو مرۆڤەکان، تێیدا ڕەنگ دەداتەوە، وەک ئاماژەم پێ کرد لە ڕەخنەی ئەدەبی و خوێندنەوەی زانستیی شیعردا، ئەوە لایەنێکی بەهێزە



سوارەی ئێلخانیزادە

که ڕەخنەگر دەقی شیعریی، جیاواز (جەخت دەکەمە سەر وشەی جیاواز) لە شاعیرەکەی ببینێ و هەڵیبسەنگێنێ، ئیلیەت دانی پێدا دێنێ که شاعیریش وەک هەموو مرۆڤێکی دیکە، خاوەنی هەندێک ئەزموونگەلی تایبەته که شیعر لە حەقیقەتدا سەرجەمی ئەو ئەزموونانەی شاعیر، پێکهاتەمەند دەکات و یارمەتی ئێمە دەدا که خوێندنەوەیەکی بەرچاومان لێی هەبێ(١). ئەوە لە خۆیدا ڕوانینێکی بێ لایەن لە دەقی شیعر بە دەستەوە دەدا و بە گشتی لایەنێکی بەهێز لەم بزاڤەیە، ئەگەر بێتو ڕەخنەگر بە چەشنێکی سەربەخۆ و بێ لایەنە نەڕوانێتە دەق(٢)، هیچ کات خوێندنەوەیەکی وشیارانەی بۆ نایەتە بەرهەم، کاتێک ئێمە شیعری جیاواز لە شاعیر و دەقی چیرۆکی جیاواز لە نووسەر و هەر دەقێکی تری لەم چەشنە، بەم شێوازە هەڵبسەنگێنین، مانای ئەوەیە که خودی دەقمان لە نووسەرەکەی، بە لاوە گرنگترە، لە جیهانی ڕەخنەشدا، دیسان دووپاتی دەکەمەوە که ئەوە کردەیەکی ڕاستە و ڕەخنەگر دەبێ، بێ گومان دادوەرییەکی بێ لایەنەی لەمەڕ دەقدا هەبێ، بەڵام لایەنێکی لاواز که لەم بۆچوونە فۆرمالیستییەدا بەرچاوە، هەمان ڕواڵەتخوازی، یان سەیرکردنی بیچمی بەرچاوی شیعر، یان بەرهەمی ئەدەبییە، لەبەر ئەوەی زۆر بەرهەمی نووسراوەیی -بە هەموو ژانرەکانییەوە- لە ئەدەبیاتی گشتیی جیهانیدا هەیە که ئەگەر بێتو بە تەنیا چاو لە ڕواڵەتی بکرێ، بەدەر لە ڕیز کردنی وشە و ڕەشکردنەوەی لاپەڕەی کاغەز، هیچ مانایەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نادا، ئەگەرچی ئەو ڕوانینە ڕواڵەتییە، لە لایەن تاقمی ڕەخنەگرانی نوێ و بە لایەنگری لە خودی (ئیلیەت)ەوە، دواتر بە کردەوە هەندێک پێداچوونەوەی بە سەردا دەکرێ، بۆ نموونە ئەو بەرەیە، بەردەنگی شیعر لە دوو بەشی ئاسایی و کارامەدا پێناسە دەکا که بەردەنگی ئاسایی کەسێکە که لە خوێندنەوەی شیعردا، هەمان مانای ساکار و نزیک بە هزری خۆی وەردەگرێ و بە پێچەوانەش بەردەنگی کارامە، بە کەسێک دەگوترێ که لە خوێندنەوەی پێکهاتەیی شیعردا، ڕاڤەیەکی ڕاست و مانایەکی قووڵ لە شیعر بۆ خۆی هەڵدەکرێنێ، ئەوە ڕەوتی ڕاستەقینەی ئەو بەرەیەن که لە سەیرێکی ڕواڵەتی و خۆیاوە، دەگەنە ڕاڤەکردنی دەق و پێکهاتەی شیعر و بەو بۆنەیەوە، مانا و نێوەرۆکی تێدا هەڵدەسەنگێنن، نێوەرۆک زۆرجار لە نێوان ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی شیعردا -که هەندێک جار یەکسان و هەندێک جاریش لە دژوازیدان- خۆی پێشان دەدا که لە ئاکامدا هەمووی ئەوانە بە جۆری هەڵسوکەوتی بەردەنگ لەگەڵ شیعردا دەبەسترێتەوە.

## ١-سوارە، گێڕانەوەیەک لە مۆدێرنیزم:

مۆدێرنیزم بە پێی مێژوو، بزاڤێکە که بە هۆی دیاردەگەلی نوێوە که لە بواری فۆرم و نێوەرۆک، هەروەها ستایلەوە هێنایە ئاراوە، لە دەورەی بەر لە خۆی جیا بووەوە و سەردێڕی" مۆدێرنیزم"ی بە خۆی تایبەت دا، ئەم بزاڤە لە وڵاتە ئەورووپییەکاندا، بە کردەوە بەر لە قۆناغی ڕەخنەگرانی نوێ هەڵکەوتووە و زۆرتر بە مانای دابڕان لە گشتییەتی بنەماکانی هونەر و ئەدەبیاتی ڕابوردووە، سوارە ئێلخانیزادە وەک کەسایەتییەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی، هەوڵی زۆر بەرچاوی لە بواری تازەکردنەوەی شیعری کوردی دا، من جەخت لە سەر ئەوە دەکەم که سوارە، بێجگە لەوەی بەسەر بنەماکانی شیعری کلاسیکدا -بە گشتی- و شیعری کلاسیکی کوردی-بە تایبەتی- زاڵ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی شارەزاییەکی باش که لە شیعری نوێی فارسی، هەروەها ئەدەبی عەرەبی، تەنانەت بزاڤی شیعری ڕۆژاوادا هەیبوو، لە قۆناغی هەوەڵدا نوێخوازی لە شیعری کوردیدا لە سوارە دەکاڵێتەوە، سوارە لە هەنگاوی یەکەمدا شاعیرێکە که

بڕوای بە نوێخوازی و ئاڵوگۆڕ لە شیعری کوردیدا هەیە و وەکی دەزانین لە بنەڕەتیشدا ئاڵوگۆڕ، یەکێک لە لایەنە بەهێزەکانی ژیانی مرۆڤێکی مۆدێرنە کە خاوەنی گرنگایەتییەکی تایبەتە، ڕاستە کە مۆدێرنیزم زیاتر بە واتای ئاڵوگۆڕ لە پارادایم، یان وێنە هونەرییەکان -بە گشتی- پێناسە دەکرێ، بەڵام بێ گومان لەو مەبەستە قوولترە و ئەویش هەمان ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگە و بابەتگەلی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە، مۆدێرنیزم، سەنگوسووژندان و گەڕانە بە دوای مۆدێرنیتەدا و لە ڕوانگەی دێ.ئۆنیس (نووسەری مۆدێرنیستی ئیسپانیایی)دا، تەنگژەیەکی ئەدەبی و مەعنەوی جیهانییە کە لە هونەری زانست، ئایین، بابەتگەلی ڕامیاریی، هەروەها لە هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیاندا خۆیا دەبێ(٣).

گومانێک لەوەدا نییە کە کۆمەڵگەی سەردەمی سوارە، فەزایەکی نەریتی و پڕ لە دواکەوتوویی بووە و کاتێک شاعیر لە فەزایەکی وەهادا، خۆی ڕادەگوێزێتە (تاران)ی ئەوکات و لە زانستگای ماف دەست بە خوێندن دەکا، ئیتر بە دیتنی ئەو فەزا جیاواز و نوێیە، هەروەها سەرجەمی ئەو بزاڤانەی کە لە هەموو بوارێکەوە ڕوویان کردووەتە ژیانی خەڵکی ئێران، سوارەش وەک تاکێکی کورد، بەهرەی خۆی لێ وەردەگرێ و باشترین بەهرەش ئەوەیە کە شیعری کوردیمان بۆ تازە دەکاتەوە، بەدەر لە کەسایەتییە ئەدەبییەکەی، سوارە تەنانەت هەر وەک شارۆمەندێکی کۆمەڵگەی کوردیش، مرۆڤێکی بلیمەت و هەڵکەوتە بووە و مێژووی شیعرەکانی دەسەلمێنن کە سوارە لەو کاتەوەی لە تاراوگەدا ژیاوە، خۆی بە بابەتگەلی پێشکەوتووی فیکرییەوە تەیار کردووە و دواتر بە سەرجەمی ئەو بەهرەمەندییانەوە، ڕچەی تێکدانی فۆرم و گۆڕینی نێوەرۆکی شیعری کوردی شکاندووە، خاڵی شیاوی سەرنج ئەوەیە کە نوێخوازی بە لای سوارەوە، هەرگیز بە مانای پشت کردن لە ئەدەبیاتی ڕابوردوو نییە. ئەگەر وا بوایە، لانیکەم خۆی بە پێویستی نەدەزانی شیعری عەرووزی بهۆنێتەوە، گرنگ ئەوەیە سوارە لە قۆناغێکی ئەستەمدا، هەستێکی بە تەواوی بەرپرسیارانەی لە بەرانبەر شیعری کوردیدا هەبووە کە لانیکەم لەم بەشەی کوردستاندا، بەر لە ئەو بەم شێوازە چڕ و پڕەوە ئەزموون نەکراوە، ڕاستە کە سوارە لە پێشدا فۆرمی شیعری کوردی گۆڕیوە و ئەوەش زۆر سروشتییە کە لە کاتێکدا بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە کۆمەڵگەی ڕۆژاوای تەنیوەتەوە و سنوورەکانی دنیای ڕۆژهەڵاتیشی بەزاندووە و هەڵمەتی کردووەتە سەر کۆمەڵگای ئەویش؛ لە دۆخێکی ئاوادا سوارە نەیویستووە خۆی و شیعرەکەی، لەم بزاڤە نوێیە وەپاش بکەوێ.

## ٢-ڕەگەزە سروشتییەکان لە شیعری سوارەدا:

پێش لەوەی بچمە نێو ئەو باسەوە، دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە هەتا خاڵێکی پێوەندایەتیی نێوان فۆرمە هونەرییەکان و ژیانی مرۆڤ -بە گشتی- لە لایەن تاقمی نووسەر و جیاواز بیری کۆمەڵگەوە نەدۆزرێتەوە، ئەوە هیچ داهێنانێکی ئەوتۆ نایەتە ئاراوە، بە گوتنێکی دیکە، بە بێ تێکەڵ بوونەوەی ژیانی تاک و کۆمەڵی مرۆڤ لەگەڵ داهێنانی هونەریدا، تەنانەت دیاردەیەک بە ناوی ستایلی ئەدەبیش ناخولقێ، لەبەر ئەوەی هیچ داهێنانێکی هونەریی، لە دەرەوەی چوارچێوەی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا، ناتوانێ درێژخایەن بێت و ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە، لە کۆمەڵناسیی هونەردا داهێنانی هونەریی، جوانناسییەکی وەها پێک دێنێ کە دوو جەمسەری هەست و ئەندێشە لەگەڵ یەکتردا گرێ دەداتەوە و لە ئاکامدا دوو دیاردەی هونەر و کۆمەڵگە دەبنەوە یەک، سوارە وەک شاعیرێکی نوێخوازی کورد، گەلێک کەڵکەڵەی لە مێشکیدا ڕاگرتووە کە بێجگە لە تاکیی بوونیان، نیگەرانیی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی بوون و وەک ئازارێکی گشتیی، تەنگیان پێ هەڵچنیوە:

**گوڵم!**
**دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ**
**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**
**ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم**
**عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتزارەکەت**
**وەڕەز بووە گیانی من لە شار و هاڕەهاڕی ئەو**
**لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش و تاوویاوی شەو**
**ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت**
**لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت**
**بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بڕێتە ناو بزەم**
**چلۆن بژیم لە شارەکەت**
**کە پڕ بە دڵ، دژی گزەم...**

بۆ نموونە تەنیا لە خوێندنەوەی ئەم بەشەی سەرەوە لە شیعری شار کە بە دەردێکی تاکیی شاعیرەوە دەست پێ دەکا، خەریکە شاعیر بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە بۆ سارێژ



**فرووغی فەروخزاد**

کـردنەوەی بـرینەکـانی، لە شـار بـڕوا، دڵـی پـڕ لە دەرد و کـوڵ، وەڕەز بوون لە هاڕەهاڕی نێـو شـار، تەنانەت ڕۆژی چڵکنی نەخـۆشی شـار، تاوویاوی شـەو، چرای نێـئـۆن شەواره و لە بەرانبەر سەرجەمی ئەوانەشدا، دەستەواژەی "بە جـامێ ئـاوی کـانیـاوی دێیـەکـەم و" هەروەها "کـە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم" و...تاد، تیشکی هیـوایەکن کـە ویستی شـاعـیـر لە ڕۆیشـتندا، پتـەوتر دەکـەن، لە کۆپلەکانی دواتر، تەنانەت لە سەرجەمی ئەو شیعرەدا، سواره فـەلسـەفـەیەکی "ڕۆسۆ "یی لە خوێندنەوەی شاری هاوچەرخی خۆی بە دەستەوە دەدا(٤)، گرنگتر ئەوەیە کە شـاعـیـر ڕێک ڕێسـای ئـامـاژە پێکراو لە سـەرەوەدا، بە کـردەوە ئەزمـوون دەکـات و بە یەک خسـتنەوەی هەست (وەک ڕوانگەی کەسیی شاعیر) و ئەندێشە (وەک بیری وەرگیراو لە کۆمـەڵگە)، دوو دیاردەی هونەر و کـۆمـەڵگە دەکاتەوە یەک و کۆمەڵگە لە ئازارەکانی سەردەمی بەیان کراو لە شیعری شار، ئاگادار دەکاتەوە.

یان:

**... لە شاری تۆ، لە بانی عەرشە، قۆندەرەی دڕاو**
**شارەکەت**
**ئاسکە جوانەکەم!**
**تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو**
**کێ لە شاری تۆ، لە شاری قاتڵی هەژار**
**گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟...**

سواره یەکێک لەو ئاکاره دزێوەی خەڵکی شار کە لەو شیعرەدا بە تێبینییەوە باسی دەکا و بە توندی لە لایەن هەستی مـرۆڤـانەی خۆیەوە شەرمەزاری دەکاتەوە، هەمـان ئاکاری مـاڵ پەرستییە، بە بۆچوونی شـاعیـر ئەو ئاکاره لە شـاردا، گـەیشـتـووەتە بانی عـەرش و ئەوین و خـەفـەتی مـرۆڤـانەی لە بیـر ئینسـانەکـان بردووەتەوە، لە فـەزایەکی ئاوادا و پاش ئەو هەمـوو تاوانەی نێـو شـار و ناپاکی مرۆڤەکان بەرانبەر بە یەک لە "هەرێمی زۆنگ و زەل"دا، شاعیـر ڕازاوەترین وشەیەکی کە بەرانبەر بە ئەشقەکەی هەڵبـدەبژێرێ، وشـەی ئاسکە، ئاسک گـیـانداریکە کـە کێوییە و دەستەمۆ ناکرێ، هەر لە کۆنیشەوە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا، سـیـمـبـۆلی دڵدار بووە و ڕەنگە سـواره لە ڕەهەندی ئەم ناودێرییەوە، ویستبێتی دڵدارەکەی لەگەڵ خۆیدا ڕێک بخا کـە شـاری قـاتڵی هەژار، بەرتەسکە و ئەوین و خـەفـەت خواردن لە شـاردا، هیـچ بۆشـاییـەک لە دەروون پڕ نـاکـاتەوە، ئەوە تاوانی تۆی ئاسک نیـیـە کـە دەسـتەمۆی منی شاعیـر نابێ، بەڵـکو سووچی فـەزایەکی نـائاشنا و ڕکـەئاسـایە کـە بۆ دڵداری تەنگە و بە پێـچـەوانەوە "بناری پڕ بەهاری دێ" بۆ ئەویندارى و ڕاهاتن، ڕەنگین و بەرفـراوانتـرە، هەروەها لە شـاردا، شاعیـر هیچ کەسی دەست ناکـەوێ کە بیێتە بەردەنگی ئایەتەکـانی کـتـێبی دڵـی و گـوێ بۆ خـەمـەکـانی ڕابگرێ، ناشێ لە شـیـعری سـوارەدا، کـاتێک باس لە ڕەگـەزگـەلی سروشت و بزووتنەوەی سروشـتـخوازیی دەکرێ، بەسـەر مـانایەکی ڕوالـەتیـدا هەڵبکشـێین و ڕاڤـەی قـووڵی ئەم ڕەگـەزگـەلە نەخـوێنینەوە، نەک بە تەنیـا شـار، بەڵـکو وشـەگـەلی وەک ئاوی کـانیـاو، مـانگەشـەو، کـەمـەندی دووکـەڵ، تیـشکی خۆرەتاو، چێوی، شێـر، ڕێوی، بنار، پەپوولە، شنەی شـەمـاڵ، جـەنگەڵ، شـۆڕەبی، زەلکە، دەریا، شەنگەسوار، ئاسمان، خۆڵەمڕە، چەخماخی هەور و...تاد، هەرکـامـەی بە تەواوی سروشـتێن کـە سـواره بە کـەڵـک وەرگـرتن لێـیـان، بە چەشنێکی سـیـمـبـۆلیکانە ویسـتوویەتی، فـەلسـەفـەیەکی قـووڵـتـرمـان لە خـۆی و بارودۆخی زێدەکەیان پێ ڕابگەیەنێت، ئەم ڕستەیەی پۆل ڕیکـۆر کـە پێی وایە لە هیـچ شـوێنێکدا زمـانێکی سـیـمـبـۆلیک، بە بێ زانسـتی لێکدانەوەیی، واتا هیـرمـینیـوتیکا (Hermeneutic) بوونی نییـە؛ ئەم حەقیقەتەمان باشتر پێ دەسەلمێنێ، لە درێژەدا پۆل ڕیکۆر وا بیـر دەکـاتەوە کـە ئەگـەر مـرۆڤ خـەونێک دەبینێ، یان تەنانەت وڕێنە دەکا، دەمودەست مرۆڤێکی دیکە بۆ بەیان کـردنی ڕاڤـە و مـانای ئەم خـەونانە، ڕادەپەڕێ، چ بگا بە شیعری شـاعیـرێکی بەرپرسیـار لە هەمبەر کۆمەڵگەکەیدا کە بێ گومـان لە ئاسۆی بیری مرۆڤێکی ژیرەوە سەرچاوە

دەگرێت و مانا و پەیامێکی زۆر وشیارانە بە دەستەوە دەدا، شیعری ڕاستەقینە دەسکەوتی ئەزموونی هزریی شاعیرە کە لە نێوان خودئاگا و ناخودئاگایدا دێتە بەرهەم، (شار) سیمبۆلی گەڕانەوە بەرەو سروشت، ڕاستییەکەی گەڕانەوە بەرەو بایەخەکانی ئینسانین، (کچی بەیان) خەونێکی بێ خەوشی مرۆڤێکی خەباتگێڕە کە بە جوانی سروشت و ڕەگەزگەلی سروشتەوە دەست پێ دەکات و بە خەباتێکی قارەمانانەی کوردانەوە کۆتایی پێ دێ، خەباتێکی سوور بە خوێنی مرۆڤ کە ئاگرئاسا بڵێسە دەستێنێ و هەرگیز ناکوژێتەوە، (خێڵی درۆ) گاڵتە و سووکایەتی کردن بە تاقمێکی دەهۆباز و ناڕاستە کە بیرێکی سەربەخۆیان لە خۆیان نییە و شاعیر بە دڕندەخوویی و دوورە شارستانییەت، تاوانباریان دەکا، (بانگەوازی پەنجەرە) سەلماندنی ویستی شاعیر بۆ پێوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەیە کە شاعیر بۆخۆی لەو شیعرەدا دوانی پێدا دێنێ کە دەیەوێ لەگەڵ هەموو مرۆڤەکان لە پێوەندیدا بێ و لێیان دانەبڕێتەوە وەک پێشتریش جەختم لە سەر کرد، سوارە شاعیرێکی دەروەست و بەرپرسیارە و دەروەست بوون لە هونەریشدا کە لە ڕوانینێکی بەرفراوانتردا هەمان دەروەست بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤێکی هونەرمەندە، باسێکی گرنگ لە مێژووی هونەر، بە تایبەت هونەری هاوچەرخە، بۆیە بەو پێیە بێتو هونەرێک، جوانی و بەهرەیەکی وەها نەهێنێتە ئاراوە کە لە سەر ئاڵوگۆڕی ژیانی خەڵکی و دۆخی کۆمەڵگەدا کاریگەری نەبێ، تەنانەت دژ بە ناحەزان و نامرۆڤان بە کار نەهێنرێ؛ هونەر نییە و ناکرێ حیسابی هونەری بۆ بکرێ، سوارە لە سەرجەمی شیعرەکانیدا، هەرکات هەل، یان دەرفەتێکی وەهای بۆ ڕەخسابێ، ئەم ئەرکە بە شێوازێکی مۆدێرن، لە هونەری شیعرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە بڕواننە بەشێک لە شیعری (کچی بەیان):

**... باسی شەو مەکە، نە شایەری شەوم**
**باسی خەو مەکە، لە لای هومێدی فێرە سەرڕەوم**
**بەو دەمەت کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ**
**بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیای، بە دەستی با**
**بە گوڵ چناوی، لێوە دێ**
**بۆنی سەر سەکۆی بە کاگڵی، بە ئاو پژاوی لێوە دێ**
**پێم مەڵێ کە داکەوم**
**پێم مەڵێ کە ئاڵی زاڵی شەو، چاوی بێ خەوی چڕە**
**پێم مەڵێ نەهاتنەوە، ئەوەی کە چوون**
**مەگری بۆ خەساری بێ گەڕانەوە**
**ڕێگەمان دوور و سەخت و قاقڕە**
**خۆشەویستەکەم!**
**ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات**
**ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین**
**فێر نەبووین بەزین و دابەزین**
**ڕانەهاتووە چاوی قارەمانی کورد،**
**بە شەوغی گرین**
**خۆشەویستەکەم!**

**لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە**
**چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە**
**لە حەنجەرەی زەمانەوە**
**گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خێزە وردەکانی کانییە.**

لەم شیعرە ئاماژە پێکراوەدا، ڕەگەزی بەرچاو لە شێوازە خەیاڵکردەکانی شیعری سوارە، هەمان ڕەگەزی سروشتە، چ لە وێنە کورت و چ لە وێنە بەربڵاوەکانی شاعیردا، سروشتگەرایی بوونی هەیە و هەست پێ دەکرێ، ڕەگەز و جیلوە سروشتییەکانی وەک بەهار، دەشت، چیا، با، گوڵ، بوومەلێڵە، بەیان، کانی...تاد، فەزای شیعری سوارەیان بە جوانی و بە ڕەنگی سروشت ڕازاندووەتەوە و گەلێک وێنەی شاعیرانەیان، لە زاری شاعیرەوە قۆزتووەتەوە کە بێ گومان هەمووی لە خزمەتی هەست و نەستی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی دان، ڕستەی سەرەتایی ئەم بەشە لە شیعری (کچی بەیان)، بە گەشبینی تەواوەوە دەست پێ دەکات و سوارە لە گەمەیەکی زمانیی شاعیرانەدا، پێمان دەڵێ کە شایەر (نەک شاعیر)ی شەو نییە و هیوایەکی سەرەڕۆی لە ناخدایە کە خەو و ڕاوەستان ناناسێ، ئەوە ئیتر هەمان دەروەست بوونی شاعیرە، بەرانبەر بە بارودۆخی کۆمەڵگە و نەتەوەکەی کە بە ڕاوێژێکی سروشتخوازانە بەیان دەکرێ، سوارە دوای ئەو هەموو شوبهاندن و وێنە کارییە هونەرییەی کە لە بۆنی دەمی یار بە دەستەوەی دەدا، دوو داوای سەرەکی لە خۆشەویستەکەی دەکا، یەکەمیان (پێم مەڵێ کە ئاڵی زاڵی شەو، چاوی بێ خەوی چڕە) و دووەمیش (پێم مەڵێ نەهاتنەوە، ئەوەی کە چوون) کە داوای یەکەم وێنەیەکی خوازەیی و هونەریی تێدایە کە بە دوو شێواز دەکرێ بخوێنرێتەوە. ئەگەر بێتو لە شێوازی یەکەمدا ئاڵی زاڵی شەو، بە ئیزافەیەکی شوبهێنراو (تشبیهی) بخوێنینەوە، بە واتای ئەوەیە شەو کە

سیمبۆلی ستەمکارە، وەک ئاڵێکی زاڵ وایە کە چاوی داپچڕیوەتە سەر کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی زەیستان، یان کۆرپەی ساوا (بیر، یان بزاڤی تازە خولڤێنراو) سەرکوت بکات و بیباتەوە، لە شێوازی دووەمیشدا، ئاڵ، یان جندۆکەی دژ بە زەیستان، یان کۆرپەیە کە لە شەودا بۆسە دەنێتەوە و زۆرتر بە واتای کۆنەپەرستییە کە لە کۆمەڵگەی بەرەو ئاڵوگۆڕی هاوچەرخی شاعیردا، باو بووە و سوارە لە هەر دووکی ئەم شێوازانەدا، بەم ڕاوێژە هونەرییەوە دژایەتی کردوون. داوای دووەمیش واتا (پێم مەڵێ نەهاتنەوە، ئەوەی کە چوون)، مەبەستێکی خۆیای تێدایە و شاعیر لە دڵدارەکەی دەوێ کە بیر لە ڕابوردوو نەکاتەوە و بە سەرنجدان بەوەی کە ڕێگە، دوور و سەخت و قاقڕە، ئەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی داهاتوو، دەبێ چاوەڕوانی خەسارگەلی بێ گەڕانەوەی زیاتریش بێ.

من پێم وایە دەستەواژەی (پێم مەڵێ نەهاتنەوە، ئەوەی کە چوون) و بە دوای ئەویشدا (مەگری بۆ خەساری بێ گەڕانەوە)، بە تەنیا دەتوانێ مسۆگەری بزاڤی مۆدێرنیتە لە شیعری سوارەدا بێ، لەبەر ئەوەی خودی بزاڤی مۆدێرنیتە لە مەبەستێکی ئاشکرادا، بە مانای بەرەو پێش چوونی بەردەوامە و لە هەمان حاڵیشدا بە مانای بانگهێشتنی نوێ و وەلا نانی بە گشتی نەریت و بابەتگەلی نەریتییە، سوارە لەم شیعرەدا بە ڕوانگەیەکی مۆدێرنەوە، باقی ڕوانینە کۆنەکان وەلا دەنێت و بە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییەوە، لە کۆمەڵگەیەکی تەواو نەریتخوازدا، ڕووبەڕووی کێشە و ململانێی نەریت و مۆدێرنیتە دەبێتەوە، دواتر لە درێژەدا، شاعیر لەگەڵ نەتەوەکەی دەبێتەوە یەک و چیرۆکی خۆڕاگری قارەمانانەی نەتەوەی کورد دەگێڕێتەوە، نەتەوەیەکی کە نوێنەری خەبات و تێکۆشانە و بەزین و دابەزین نازانێ و کۆڵ نادات و بەرەو ئاسۆی ڕوون هەڵدەکشێ، ئاکامی شیعرەکەش کە پێشتر لە هەمان شیعردا دووپاتە بووەتەوە، جەختێکە لە سەر هیوا، شاعیر لە بوومەلێڵەدا کە دۆخێکی نێوان شەو و ڕۆژە و لێرەدا مەبەست هاڵۆزیی بارودۆخە، پەنجەرەیەکی نیوەتاک (کە سیمبۆلی پێوەندی گرتن لەگەڵ دەرەوەیە) بۆخۆی دێڵێتەوە، هەروەها لە حەنجەرەی زەمانەوە کە مەبەست دیالۆگەکانی ئەو کاتن، شاعیر بە زمانی سەردەمی خۆی دەدوێ و گوێ بۆ زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانی ڕادەگرێ، دیارە خیزەکانی کانی، بە تەنیا وردن و هەرکات وێکڕای یەک هاودەنگ بوون، زەمزەمەیەکی زوڵاڵ کە هەمان دروشمی ئازادییە، دێننە ئاراوە، شاعیر لە زەمزەمەی زوڵاڵدا، جوانکاری ئاوێتەکاری هەستەکی بەکارهێناوە و خیزە وردەکانی کانی، زۆرجار بە شەپۆلێک هەڵدەقوڵێن و زەمزەمەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە کە ڕەنگە بێجگە لەم کەڵکە سیمبۆلیکانە، تەنیا شاعیر و ئەهلی دڵ بیبیستن.

لە شیعری سوارەدا، بێجگە لەم ڕوانینە سروشتییە، هەروەها ئەم دەروەست بوونە کۆمەڵایەتییانەی شاعیر بەرانبەر بە نەتەوەکەی، زۆر ڕێکار و فەننی نوێ لە بواری خولڤاندنی جوانی لە ئاقاری کێش و سەروادا، هاتووەتە ئاراوە کە خاوەنی گەلێک خاڵی پاراو و هونەرین، سوارە لە کاتی تازە کردنەوەی شیعری کوردیدا، نەک هەر دەستی لە کێش، یان با بڵێین ئاهەنگ و ڕیتمی شیعریی هەڵنەگرتووە، بەڵکو هەندێک لەم کێشانەی بە شێوازێکی هونەری- کە لە لێهاتوویی و کارامە بوونی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ- بەکارهێناوە و لە بری فەننی عەرووزی و بنەماکانی شیعری نەریتی دایناون، گرنگ نییە نێوەرۆکی خولڤێنراو لەم شیعرانەدا، هەمان نێوەرۆکی مەبەستی شاعیر بن، یان بە پێچەوانەی ویستی شاعیر، بۆچوونی ڕەخنەگرێکی شیعر بن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە پێکهاتەی شیعرەکانی سوارە و پێوەندی نێوان واژەکان لەگەڵ یەکتردا، هەروەها وێنەگەرییەکی هونەری کە شاعیر لە دیاردەکانی سروشت و دەوروبەری خۆیای دەکا، تا ڕادەیەکی زۆر دەرفەتی خوێندنەوەیەکی زانستی-هونەرییانە، بە تاک تاکی بەردەنگی شیعری خۆی دەبەخشێ، لەم بەشەی شیعری (کچی بەیان)دا کە باس و خواسێکی ڕەخنەیی تێدا هاتە ئاراوە، سوارە کێش، یان ڕیتمێکی بە تەواوی سازیار لەگەڵ مەبەستی بەیان کراوی ڕەچاو کردووە کە ئەگەر بێتو ئەم مەبەستانە لەم ڕیتمە بەکارهێنراوە ترازابایەن، ئەوە بەم چەشنە بەهێزە کە بەیان کراون، بۆ بەردەنگ جێ نەدەکەوتن، هەروەها وشەگەلی (شەوم- سەرڕەوم)، (چناو-پژاو)، (چڕە-قاقڕە)، (ئاگرین-دابەزین- گرین)، (بەیانییە-کانییە) لە سەرجەمی شیعرەکەدا زۆر وەستایانە، وەک سەروایەکی مۆسیقیی و ئاهەنگدار کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

**٣- (شار)ی سوارە و خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە، لەگەڵ شیعری نوێی فارسیدا:**

سەرەتا ئەدەبی بەراوردکارانە، خۆی بەشێکی گرنگ لە

پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبییە کە ڕەخنەگر بە هێنانەوەی نموونە، یان وێنەگەلی هاوبەش لە زمانەکانی دیکەدا، ئەم چەشنە خوێندنەوەیە دێنێتە ئاراوە و بە ڕوانینێکی بەراوردکارانە، بۆ خوێنەریان ئاشکرا دەکا، بەڵام ئەرکی بنەڕەتی ئەدەبی بەراوردکارانە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم جۆرە ڕەخنەیە، بە چەشنێکی پێکهاتەمەند درێژە پێ دەدا و بە خوێندنەوەیەکی فرەلایەنە و بە ئاگاداری لە بابەتگەلی جۆراوجۆری ئەدەبی و فەرهەنگی زمانەکانی دیکە، بوونی خۆی بەسەر گشتییەتی ڕەخنەی ئەدەبیدا مسۆگەر دەکا. کاتێک ڕەخنەگر، بەرهەمێک، یان تەنانەت بابەتێکی ئەدەبی دەخاتە پاڵ هەمان بابەت لە زمانێکی دیکەدا، ئەوە ڕاستییەکەی نێوەرۆکێکی فرەڕەهەندتر و قووڵتر لە مەبەستی ئەم بابەتە ئاماژە پێکراوە دەخاتە ڕوو، (شار) لە شیعری سوارەدا، بە ڕواڵەت مانایەکی ئاسایی و بەرچاوی تێدایە، بەڵام لە حەقیقەتدا مەبەستێکی شیعرییە کە بێجگە لە ناسیاری سڕینەوە و عادەت شکاندنی هونەری شاعیر، خاوەنی پەیام و پرۆگرامێکی مرۆڤانەیە و لە خوێندنەوە و بۆچوونی ئێگزستانسیالیستانەی مرۆڤێکی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێ، سوارە وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، چ وەک کەسێکی هەڵکەوتە و بلیمەت، چ وەک شارۆمەندێکی ئاسایی، بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردەوارییە و خۆی لە کۆمەڵگە بە جیاواز نازانێ، ئەوەش لەم حەقیقەتەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە بنەڕەتدا بڕوای بە تێکەڵ بوونی هونەرمەند و کۆمەڵگە هەیە و پێی وایە کەسی خاوەن هونەر، ئەرکی ڕێنموونی جەماوەری گشتی و چینی ڕەشۆکی کۆمەڵگەکەی لە ئەستۆ دایە، ئەگەرچی سوارە جەخت لە سەر ڕوانگەیەکی مامناوەندی دەکات و بە ڕاشکاوی بڕوای وایە کە هونەرمەند، یان کەسی شاعیر، نابێ جیاواز لە خەڵکەکەی بژی و نابێ هێندە مەودایان لەگەڵدا بگرێ کە نەتوانن بە شوێنیدا بڕۆن و بیگرنەوە، بە پێچەوانەوەش دیسان نابێ ئەوەندە لە نێویاندا بێ، کە ڕەنگی خەڵکەکەی بگرێت و نەناسرێتەوە، کەوابوو ئەم ڕوانگە مامناوەندییە، باشترین دۆخە بۆ کەسێکی شاعیر کە وێڕای چالاکی و هەڵسوکەوتی ئەدەبی و هونەری، بڕیارە لە سەر ڕەوتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕامیاری کۆمەڵگەکەشی کاریگەری دابنێ، سوارە مرۆڤێکی ڕووناکبیر و شاعیری سەردەمی خۆیەتی کە بەوتەی ئەلبێر کامو، دەیەوێ لە سەر داهاتووی نەتەوە و بابەتگەلی فەرهەنگی خۆی دەستتێوەردانی هەبێ، هەر بۆیەش ناتوانێ بە دوور لە خەڵک و نیشتمانەکەی بژی، سوارە لە بابەتی (شار) دا وەک ڕێپیشاندەرێک، بە چاوێکی وردبینانەوە دەڕوانێتە خودی شار و بە هەڵسەنگاندنی فەزای شار لەگەڵ فەزایەکی ئازادی سروشتیدا، گەلێک حەقیقەتی مرۆڤانەمان پێ ڕادەگەیەنێت، بۆ نموونە سوارە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئازارەکانی شاردا، لە هەنگاوی یەکەمدا شاعیرێکی ڕۆمانتیکە، کە لە کۆمەڵگەی شاریدا نامۆیە و ئاشق بە سروشتە، هەروەها مەبەستگەلی شیعریی خۆی، لە سروشتێکی ساکار و دوور لە ژیاری شاری هەڵدەبژێرێ و هەوڵ دەدا، مەودای مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا تێک بشکێنێ و مرۆڤ لەگەڵ سروشت ئاشت بکاتەوە، ئەوینی سروشتیانەی شاعیر لە شاردا، بەرانبەرە لەگەڵ ئازادی لە ولاتێک کە ئەشقی ئازادی نەبێ، تێل و تان و ڕایەڵ-یش بۆ دەست و پێی مرۆڤ، کەلەبچەن، پەیکەرەکان وەک داوەڵن، دارەتێلە سیمبۆلی سێدارەن، شاعیر ئەم ئازادییە، لە دێ و مانگەشەو و کانی و بە گشتی سروشتدا دەبینێتەوە، دێ و مانگەشەو و کانی کە لە فەزایەکی دوورە شاردا، بوونێکی خۆیاتریان هەیە، دەکرێ مەزهەری (ڕەمزی) پاکی و ڕاستی و ڕووناکی بن، لە ڕوانگەی سوارەدا ئەم پاکی و ڕاستی و ڕووناکییە، بە سروشتەوە گرێ دراوە و لێی جیا نابێتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١-برسلر، چارلز، درامدی بر نظریەها و روش های نقد ادبی، ترجمەی مصطفی عابدینی فرد (ویراستار: حسین پاینده)، تهران، نیلوفر، ١٣٩٣، ص٨٥.**

**٢-مەبەست دەقی ئەدەبییە.**

**٣-اسمارت، بری، شرایط مدرن، مناقشەهای پست مدرن، ترجمەی حسن چاوشیان، تهران، کتاب امه، ١٣٨٩، ص١٩٨.**

**٤-ژان. ژاک. ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨) فەیلەسووفی فەڕەنسی، بڕوای وایە کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی باشە، ژیارە کە ئەوی خراپ کردووە، بەو پێیە تەنیا ڕێگای ڕزگاری مرۆڤ، گەڕانەوە بۆ ژیانی سروشتی و سەرەتاییە.**